

# گەورەترین تەبلێت تایبەت بە پزیشكان و ئەندازیاران

پاناسۆنیك یەكێك لە كۆمپانیا مەزنەكانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالییە، كۆمپانیای ناوبراو مێژوویەكی دێرینی هەیە و بەر لە پەرەسەندنی ئامێری دیجیتالیش كۆمپانیایەك بوو ئامێری ئەلكترۆنی بەرهەم دێنا. لەم دواییەدا كۆمپانیای ناوبراو گەورەترین تەبلێتی لە جیهاندا بەرهەم هێنا ئەویش تەبلێتی 20 ئینجییە كە كوالیتی نیشاندانی K4ە. ئەم كوالیتییە نیشاندانەكەی ئەوەندە بەرزە كە وەك ئەوە وایە كەسێك لە پشت پەنجەرەیەكی خاوێنەوە ببینی. هیچ جیاوازییەكی نییە لە گەڵ جیهانی راستەقینە. تەبلێتی جۆری Toughpad 4K UT-MB5 كە سیستەمی ویندۆز8ی لەسەرە و پرۆسیسەرەكەی Corei5ە. تەبلێتەكە پزیشكان و ئەندازیاران و ئەوانەی كاری گرافیكی دەكەن زیاتر سوودی لێوەردەگرن، بەتایبەتی بە تەبلێتی پزیشكان ناسراوە. رامەكەی 8 گیگابایتە و هاردەكەی 256 گیگابایتە، بەڵام گرفتێك كە لەو تەبلێتەدا هەیە ئەوەیە كە باترییەكەی تەنیا دوای 2 كاتژمێر شەحنەكەی دادەبەزێت. كێشی تەبلێتەكە كە گەورەترین تەبلێتە لە جیهان 2.4 كیلۆ گرامە. سیستەمی بلوتوس 4ی لەسەرە، و كێبڵی USB.3 دەخوێنێتەوە.



# چاویلكەی هۆشمەند هیوایەک بۆ نابینایان

لە كوردەواریدا دەڵێن كوێر چیت دەوێت دەڵێت دوو چاوی ساغ، رەنگە لە داهاتوویەكی نە زۆر دووردا ئەو خەونەی نابینایان بێتەدی و بتوانن بیناییان بۆ بگەڕێتەوە. چونكە ئەم رۆژانە باس لە چاویلكەیەك دەكرێت كە بینایی بۆ نابینایان دەگەڕێنێتەوە. پسپۆڕانی بواری ئایتی لە زانكۆی ئەكسفۆرد چاویلكەیەكیان چێ كردووە، كە بۆ ئەوانەی كەم دەبینن یان هەر نابینن یارمەتیدەربێ بۆ دیتنی شتەكانی دەوروبەریان. چاویلكەی جۆری (Assisted Vision)، ئەو چاویلكەیە كە ئەم ئەركە ئەنجام دەدات، چونكە بەپێی لێكۆڵینەوەكان 75% كەسانی نابینا توانای ناسینی روناكیان هەیە. هەستەوەرەكانی ئەو چاویلكەیە ئەو داتایانەی وەریدەگرن لە رێگای دوو كامێرا و ژیروسكۆپێك و ئاراستەنمایەك و جی پی ئێسێك داتاكان وەردەگرن، ئەوانەی ئاماژەیان پێكراو پێكەوە قەبارە و ئاراستەی شتەكە دیاری دەكەن، پاشان لەسەر چاویلكەكە نیشان وەك هێما نیشان دەدرێن. لەو چاویلكەیەدا هیدفۆنێكیش هەیە كە نووسین دەكاتە پەیڤ، واتە ئەوەی كە نووسرابێ دەیخوێنێتەوە.



## هاوسەفەرە ژیرەکە

تەکنەلۆژیای نوێ ئەگەر بەباشی سوودی
لێوەربگیرێت، خزمەتێکی گەورە بە کۆمەڵگا
دەکات، وەک ئەو هاوسەفەرە ژیرەی کە لێرەدا
ئاماژەی پێدەکەین. ڕەنگە بۆ زۆرمان ئەوە هاتبێتە
پێش کە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا بین، بەڵام
لەناکاو کارێکی بەپەلە دێتە پێش ناچارین کە بۆ
کەسێک تەلەفۆن بکەین، کەچی تەلەفۆنکردنیش
لەناو ئۆتۆمبێلدا پێچەوانەی یاساکانی هاتوچۆیە،
بەڵام دەکرێت بە هاوسەفەرە ژیرە دیجیتاڵییەکەت
بڵێی کە فڵانە ژمارەیە بگرێت و یان ئەو
قسانەی ئێوە دەیکەن ئەو بۆ لایەنی سێیەمی
بگوازێتەوە. هاوسەفەرە ژیرەکە کە ناوی ئەم
ئامێرە بچووکەیە کە وەک هێندزفریەک کار دەکات
و لەلایەن کۆمپانیای parrot بەرهەمهاتووە، لە
وتەکانی بەکارهێنەرەکەی دەگات و لە ڕێگای
بلوتوسەوە بۆ مۆبایلەکەی دەگوازێتەوە.
تەنانەت وەڵامی پەیوەندییەکانیش دەداتەوەو
ئەو کورتەپەیامانەی بۆت دێن وەردەگرێ و
دەیخوێنێتەوە.



## ئارکۆس و تەبلێتێک بە دیزاینێکی سەرنجڕاکێش

دیارە لە جیهانی دیجیتالیدا پێدەچێت تەبلێت شوێن بە لاپتۆپ لەق بکات، چونکە بەرهەمهێنان
و پەرەسەندنی زیاترە لە لاپتۆپ. لەم دواییەدا کۆمپانیای ئارکۆس تەبلێتێکی نوێی ئەندرۆیدی
بەناوی XS2101 بەرهەمهێنا کە شاشەکەی 10.1 ئینجە و کوالیتییەکی باشی هەیە. چەند
سپیکەری لە پێشەوە هەیە و لەگەڵ کەوەرێکی کیبۆردی تایبەت بەخۆی. کیبۆردەکە موگناتیسییە
بە تەبلێتەکەوە دەنووسێت. پرۆسیسەرەکەی 1.6 گیگاهێرتزە. رامەکەی دوو گیگابایتە. هاردەکەی 16
گیگابایتە. سلایدی مایکرۆ SD و سیستەمی ئەندرۆیدی 4.2ی لەسەرە.



# تەنكترین لاپتۆپی تایبەت بەگەیم

یاریی ئەلكترۆنی بۆ كاتەكانی بێكاری بەسەربردن هەروەها بەرای پزیشكانی دەروونی بۆ چارەسەری نەخۆشیی ئەلزایمەر (لەبیرچوونەوە) سوودێكی زۆری هەیە. هەرچەندە لە هەرێمی ئێمەدا كەمتر گرنگی بە یاریی ئەلكترۆنی دراوە تەنانەت یەك شوێنیش نییە وەك كۆفێی نێت تایبەت بە گەمەی ئەلكترۆنی. ئامێرەكانی تایبەت بە یاریی ئەلكترۆنی زۆرن وەك ئیكس بۆكس و پلەی ستەیشن و كۆمپیوتەر و ئەتاری... تاد.

لەم دواییەدا تەنكترین لاپتۆپی بە یاری بەناوی Mainge-ar pulse بەرهەم هات. سایزی لاپتۆپەكە 17 ئینجە و فول ئیچ دییە و پرۆسیسەرەكەی جۆری intel corei7ە. رامەكەی 16 گیگابایتە بۆ لاپتۆپێك رامێكی 16 گیگایتی یەكجارە، بەڵام بۆ لاپتۆپێك كە تایبەت بێت بەگەیم رەنگە ئەوەندە رامە كەمیش بێت. هاردەكەی 1 ترابایتە. لەگەڵ ئەوەشدا كارتێكی SSD ی لەسەرە كە 480 گیگابایتە. شوێنی كێبڵی HDMI هەیە. دوو سپیكەری زۆر بەهێزی تێدایە.

# ئۆفیس٣٦٥ی مایكرۆسۆفت و چەند خزمەتگوزارییەكی گرنگ




شەش مانگ دەبێت كە ئۆفیس 365ی مایكرۆسۆفت خزمەتگوزارییەكانی لە جیهانی ئینتەرنێتدا بڵاوكردۆتەوە، ئۆفیس 365 ئۆفیسێكی ئۆنلاینە، هەتا ئێستا نزیكەی دوو ملیۆن بەكارهێنەر لە خزمەتگوزاری Home premium سوود وەردەگرن و هەروەها نزیكەی 60% لە كۆمپانیاكان لە خزمەتگوزاریی Fortune500 سوود وەردەگرن. هەر لەوكاتەی كە بەرهەم هاتووە هەتا ئێستا نزیكەی 100 تایبەتمەندی دیكە بەو ئۆفیسەوە زیاد كراون. لەم هەفتەیەشدا سێ خزمەتگوزاری دیكەی پێوە زیاد كران. یەكێك لە خزمەتگوزارییە گرنگەكان ئەوەیە كە دەكرێت چەند كەس پێكەوە لەسەر یەك فایلی ئۆفیس كار بكەن، بۆ نموونە ئەگەر فایلێك هەبێت بەناوی SA و سەد لاپەڕەش بێت، دەكرێت لە یەككاتدا چەندین هەڵەچن لەسەر ئەم فایلە كار بكەن و هەركام بەشێك لە لاپەڕەكان راست بكەنەوە. خزمەتگوزارییەكی دیكەش ئەوەیە كە دەكرێت بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییەوە فایلەكانی PowerPoint ,excel ,Word لە هاردی مەجازی سكای درایف دەستكاری بكرێن، هەروەها خزمەتگوزاری ئۆتۆماتیكی سەیڤ كردنیش یەكێكە لەو خزمەتگوزارییانە.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك



خوێنەرێكی بەڕێز پرسیار دەكات ئایا چۆن دەكرێت لەسەر بەشێك لەو فایلە wordیانەی خۆم پاسۆرد واتە وشەی نهێنی دابنێم، بۆ ئەوەی كە كەسانی دیكە نەیكەنەوە؟


خوێنەری بەڕێز لەسەر گشت پرۆگرامەكانی سەر بە زنجیرەی ئۆفیس وەك وۆرد، ئیكسەل، پاوەرپۆینت،...تد دەكرێت وشەی نهێنی دابندرێت. لەسەرەتادا بەمەبەستی دانانی وشەی نهێنی لەسەر فایلیword دەبێت دوای كردنەوەی فایلەكە بچییە سەر ئەو ئەیكۆنەی كە هێمای ئۆفیسە، یەكەمین ئەیكۆن لەلای چەپ. ئەوەی لە پەنجەرەیەك دەچێ و لەبازنەیەكدایە. لەوێ دەچییە prepare و دواتر بەشی encrypt document لێدەدەی و لەودا پاسۆردەكەت دەنووسی هەر بەم سانایییە دەكرێت پاسۆرد لەسەر فایلێكی وۆرد دابنێی.




# جیهانی ئەندرۆید..پرۆگرامێک بۆ شەش مەبەست

جیهانی ئەندرۆید و ئــەو ئامێرە دیجیتالیانەی تایبەت بەو سیستەمە دروســت دەکرێن، ئەگەرچی لەسەرەتادایە، بەڵام زۆر گەشــەی کردووە و پەرەی ســەندووە، رۆژانە چەندیــن پرۆگرام بۆ سیســتەمی ئەندرۆید چێ دەکرێن، یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی mobieیە. کە شــەش خزمەتگــوزاری گرنگی تێدایــە. خزمەتگوزارییەکانیش بریتیــن لە: رێکخســتنی باتــری، خزمەتگوزاری دژی دزین، بەهێزکردنی رامی مۆبایل، خزمەتگوزاری تایبەت بــە ئەمنییەتی مۆبایــل.. ئەگــەر مۆبایلەکەی خۆت بــزر کرد ئیدی نیگەرانــی زانیارییەکانی ناوەوەی مەبە، چونکە بەخۆی ئەو پرۆگرامــەوە دەتوانی پارێزگاری لە زانیارییەکانــی ناوەوەی بکەی. یــان دەکرێت ببێتە هۆی کەمکردنــەوەی وزەی باتری. یان ســڕینەوەی ڤایرۆس و ترۆجانەکان...

# یاری رۆژنامەنووسەکە بەدوای راستییەکاندا دەگەڕێ




لە جیهانــی گەمەی ئەلکترۆنیدا بە هەزاران گەیم هەن کە هەرکامیان بەکارهێنەری تایبەت بەخۆی هەیە، هەندێك لە گەیمەکان "ئەکشــن"ن واتە لەودا شــەڕ و کوشتن و جوڵەی زۆری تێدایە، هەندێکیان ستراتیژین واتە بەکارهێنەر خۆی دەبێت ستراتیژییەتیی خۆی لەگەمەکەدا دیاری بکات، وەك گەمەکانی چاخی شــایان و ســەردەمی شەڕی خاچپەرستان...تاد. هەندێکیشــیان تایبەت بە رووداوێکی تایبەت وەك گەمەی Secret Files Sam Peters کــە گەمەیەکــە باس لە رووداوێکی گرنــگ دەکات. لەو یارییەدا بەکارهێنەر دەبێت رۆڵی رۆژنامەنووسێك ببینێ و بۆ کارێکی گرنگ رەوانەی ئەفریقیا دەکرێت تاکو لەو کارەســاتە سەیرو ســەمەرانەی کە روو دەدەن زانیاری کۆبکاتەوە. لەو بەرپرســیارییەتەدا دەبێت بچی بۆ شوێنی مەترسیدار کە پڕن لە نهێنی و رازی شاراوە. یارییەکە زۆر سەرنج راکێشە. یارییەکە بۆ زۆربەی تەمەنەکان دەگونجێت.



# سایتێک سایتەکان بە خولانەوە نیشان دەدات

لە جیهانی ئینتەرنێتدا کە خۆی لە ملیۆنان سایت دەدات، سەدان سایت هەن کە تەنیا تایبەتن بە سەرگەرمی و ســوودێکی ئەوتۆیان نییە، واتە تەنیا بەمەبەســتی خۆخافڵاندن یان خۆ سەرگەرمکردنن. بۆ نموونە سایتی http://therevolvinginternet.com/ کە هیچ ســوودێکی ئەوتۆی نییە، لەو سایتەدا سایتەکان بە خولانەوە و سووڕانەوە نیشــان دەدات، واتە یەکەمجار کە دەیکەیەوە ســایتی گوگل دەکرێتەوە کە وەك بازنەیەك بە ئاراستەی کاتژمێردا دەخولێتەوە، ئەوە رێگر نابێت لەسەر ئەوەی کە نەتوانی ئەوەی مەبەستتە و بەدوایادەگەڕێی لە بۆکسەکەدا بینووسی، دوای ئەوەی کە ئەو ســایتەی مەبەســتتە لە بۆکسەکەدا نووسیت، ئیدی ئەو سایتە دەکرێتەوە، بەڵام بەردەوام بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە.